## پەیتونی شەرابی

بژی مایین خەونێک بوو
منداڵی لەسەر پەلکی سێودا وشکی کردەوە
بۆنوبەرامەی بوو بەئایینی من
کە با هات تێکەڵی بخووری کەون بوو
منداڵیی وەک تەمی ئەفسانە بەسەر پشتی گادا
تەڵ تەڵ نەرگسی سپی و
پەرپەڕ سەناریای ئەوینی هەڵوەراند
منداڵی بازووێک ئەندێشە و ئەزەلە
سەبەتێک جوانییە لەسەر پەلکی سێودا
ئەو مایینەی یەکەمین دەزولەی دیدگام بوو
هەزاران دڵۆپە ئەفسانەی لە کەفەل لوول دابوو
تاڵ تاڵ مووی عومری خۆی لە بژ و بسکانی ئاڵا بوو
منداڵی شارێکە بێ دەرگا و پەنجەرە
بناغەی ئەوینی لەسەر گیای حیکمەتە
لە برۆی فاتیمە و هەر دڵە و بۆ شەونمێ؛
مشتێکی لێ فڕاند
کچێ بوو لە سێبەر
بێ جەستە و بێ سینە و بێ باڵا
لە باران سورفڵ بوو
ئەو کاتەی کە دیرۆک
لە قوڕی شمشاڵی شکاودا غەرق بوو
لە شەهدی زۆر کۆنی شەرابدا دەپشکوت
بەسەر پشتی زیوی پەیتونی ئەزەلدا تێپەڕی
بێ سڵاو بێ بزە
بێ دڵۆپە حوزنی ماڵاوایی



ئەو بایەی کە شیری مایینی
لە سەر پەلکی سێودا هەڵوەراند
پەیتونی سیحراویش هەر دەڕوا
کە پڕە لە تەرمی ڕۆژانی ڕابردوو
پریەتی لە مێلاقی یاد و کاژی بیرەوەری
مناڵیش بەسەر پشتی پڕ لە گوڵە پەمۆ
تا دەهات لە چاوان ون دەبوو
کراسی مەحاڵی دەپۆشی و هەر دەڕۆی

میوانی باخچەی پیریم
یا تۆ هێندە گەش و نوورانی نێو میعراجی دانتی
چاوانم هەڵنایێ بتبینم
دەچمەوە گۆڕستان
خۆشترە لەو بایەی لە بەهەشت هەڵدەکا
لەوێوە جوانییەکان کە وەک عەتر و شەراب
لە شووشەی منداڵیمان ڕژان
دونیا پڕ لە بخوور و نەی دەکەن
بێزار بووم... بەوە من دڵخۆش بووم
سپێدان لەگەڵ ڕۆحی ئەوان
دەچوومە دارستانی عەدەم
کە دەهاتمەوە دونیا سپی هەڵدەگەڕا
گەڵا سیسەکانی نێو ڕۆحم دەوەرین
بێزار بووم لە فەل و لە تەونی کۆمیدیای قولابی
فریام کەوە ئەی لەحزەی درێژتر لە سەدە
من گوتم ئێواران دەستی ئەو دڵەی خۆم دەگرم و
دەچینەوە جەزیرەی عوزلەت و سەفایێ
من گوتم هاوڕێکەم بانگ دەکەم
ماڵەکەی هەردووکمان
دەگوازینەوە نێو شووشەیێ پرتەقاڵ
نە با هات
نە بۆنی بوخاری تەمەنا دادیداین
ئێستاکە بۆ وارێ دەگەڕێم
بچووک بێ بەقەد هێلانەی مەل
بۆ دۆستێ دەگەڕێم
بەقەد پاژنەی مناڵ بەرائەت
ناتوانم ئەو هەموو تەمەننا و بریایە



لە سەرما هەڵگرم
ناتوانم درۆیە... ناتوانم
ئەو وڵاتە پەرشوبڵاوە بخەمە سەر شانم
ئەو هەموو فرمێسک و شکەست و هاوارە
ئەم هەموو پێ وەهم و دۆزەخە
لە کێ من دەتوانم بیانخەمە کۆڵ و
ئەم شار و ئەو شاریان بگێڕم
درۆیە ناتوانم...
ئەی دژوارترین دۆست و ئەی دادڕەسترین پەنجەرە
نزانم من ئێستا ئەو دڵەم لە عیشق چکی کرد
جەستەشم تەژی بوو لە گەڵای ڕزیو بێزاری
فریام کەوە... ئەی دادڕەسترین جامی خودایی

## تا ئەبەد خاچ

لە پەنجەرەی ئەو هەناسە ساردانەوە
لە دارستانی فیردەوسەوە دەهاتن
تێکەڵی بایەکانی دۆزەخ دەبوویت
بەڕۆحێکی پەمەیی و کەمەربەندێکی پەمەیی و
دەم پاییێکی پەمەیی
سواری ئەسپی گوناه دەبووی
لە خەڵوەتگای ئەو تەمانەی
لە مەتهەرەوە هەڵدەستان
بەچارشێوێکی گەنم ڕەنگ و
بەکتێبێکی خاکی و تۆبەییێکی سۆفییانەوە
بخوری فریشتەییت دادەگیرساند
جوانیەکانت کانی شەوقە و
گوناهەکانیشت لەزەت
لە جیاتی تۆ ئێستا چراکان کز دەکەم
کتێبەکان دەخەمە ژێر چاوم
سەیری سەفای ئاسمان دەکەم
دەگریم...
چرا بەشی بیناییم ناکات
کتێب بەشی ڕوانینم ناکات
ئاسمان بەشی فڕینم ناکات
فرمێسک بەشی ئەو جوانیانە ناکات
بێ هوودە لە دەستت چوون
سێوێکی دەمی مەنفا بووی
ئەوەی دەستی بۆ برد
لەو سەر زەمینە دەکرا



ئێستاکە بەتەنها مایتەوە
بەیانیان بەکراسێکی سپی
دڵێکی سپی و
ئەسپێکی سپی سەر هەڵدەگری
ئێوارانیش بەفرمێسکێکی ئاڵ و
خەمێکی ئاڵ و
بەتاسەییێکی ئاڵەوە دێیتەوە
دەچیەوە بەردەم کلێسای خامەریەم
دەستەکانت داوێیتە سەر سینە و دوعا دەکەی
دوعای یەکەم خاچێکە لە خوات داوایە
دوعای دووەم کفنێکە بۆ جوانیەکانت
دوعای سێیەم
شینێکە بۆ ئەوانەی لە دەستت چوون
جارجارەش لە چاوەڕوانی -ميناس-دا
سەیری ئەملا و ئەولات دەکەی
ئەوەتا گوێم لە سمی ئەسپەکەیەتی
ئێستا نا ئێستا دەستم دەگرێ و
دەمهاوێتە سەر پشتی زین
دوور دوور دەڕۆین
بەسەر ئەو کەنارانەوە گوزەر دەکەین
یادەکانیان لێ زەوت کردووین
دەچینەوە سەر ئەو کۆشکە تاق بەرزانەی
لەوێوە سەیری بەرزەخمان دەکرد
ئەو مێرگانەی
(گوڵەکانی شەڕ)ی لێ شین دەبوو
ئێستاکە (وێرانە خاکە) و

ئەفسانەی کاسەی موقەددەس
هاوار دەکا
ئای (سیلا) تۆ چیت دەوێ؟
«ئەو جوانیانەم دەوێتەوە
لە دەستم چوون،
لەو سەری بەرزەخەوەش
بەقردێلەییێکی ڕەش و
بەخەمێکی ڕەشەوە
کراسە سپیەکەت لوول داوە
ئەسپە سپیەکەت لە دواوە دەڕوا
دڵە سپییەکەشت سارد
هەر دەڵێی ڕیشۆڵەییێکی ئەبەنووسی نێو بەفری
دەچیەوە بەردەم یەهوزاکان دەوەستی
دەستەکانت نووری بەهەشتیان لێ بڵند دەبێ
سەر شانەکانت پڕن لە فریشتە
هەردوو چاویشت شەوقی خودایی
نەفرەتیان لێ دەکەی
نەفرەتی یەکەم:
بۆ ئەو بزمارەیە زمانیان پێ شەتەک دای
نەفرەتی دووەم:
بۆ ئەو خوێنەیە لە کچێنییان سەندی
نەفرەتی سێیەم:
بۆ ئەو گەلگەتایەیە
چۆن لەبەر پێت نەڕما
ئەلەوێوە هەردوو چاوەکانت دادەخەی
لە ڕەوحانیەتی خۆت دەترازێی



یاری بەڕابردووی خۆت دەکەی
سواری ئەسپی گوناه دەبی و
بخوری فریشتەییش دادەگیرسێنی
دەڵێی بزماری سێیەمی خاچی ئاگر دەگری

